# سانسکریتی دایکە زمانی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە سەر پەیوەندی جینیتیکی سانسکریتی و کوردی


**پ.ی. سەلام ناوخۆش بکر**

**زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی**



پوختە

بوونی خێزانە زمان ، واتای بوونی پەیوەندی و نزیکیی . ئەو پەیوەندییە جینیتیکییە بەرهەمی زمانەوانی و تواندنەوەی جیوگرافیایە . پەیوەندی سانسکریتی و زمانە ئەوروپییەکان سەرەتا بەرهەمی مشێنەری و بازرگانی بوو . گەر لێکسیکۆن هۆکاری ئەو دۆزینەوەیە بوو لە نێوان سانسکریتی و زمانە هیندۆئەوروپییەکان ، ئەوا لە پاڵ نزیکی لیکسیکۆنیی ، لە یەک نزیکی جیوگرافیا لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانی کوردی هۆکاری زێدەکییە . ئەوروپییەکان لە سەر بنیاتی زمانەوانی گەیشتن بەو ڕاستیەی کە زمانی سانسکریتی سەرچاوەی دێرینی زمانە هیندۆئەوروپییەکان . چەند توێژەرێکی کوردیش لە سەر هەمان بنیات ، بنیاتی زمانەوانی ، گەیشتن بە هەمان راستی کە سانسکریتی سەرچاوەی دێرینی زمانی کوردییە بە هۆی هۆکاری زمانەوانی و هۆکاری جیوگرافیا ، بەڵام هەژموونی ئایدیۆلۆژیا و نۆستالۆژیا زمانی ئاڤێستاییان کردە سەرچاوەی دێرینی زمانی کوردی.

ئەم توێژینەوە پشتبەستن بە فەلسەفەی شەکی دیکارت و هەوڵی زمانەوانە ئەوروپییەکان گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە چۆن سانسکریت سەرچاوەی دێرینی زمانە هیندۆئەوروپییەکانە بە هەمان شێوە سەرچاوەی دێرینی زمانی کوردیە.



کلیلی لێکۆڵینەوەکە : زمانی هیندۆئەوروپی ، زمانی سانسکریتی ، زمانی کوردی





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دەروازە

بەرهەمی بزاڤی تەبشیری گەریدەكانی ئەوروپی و بازرگانە ئەوروپیەكان لە هیند دۆزینەوەی هاوشێوەی ڕێژەیی لێكەوتەوە لە بارەی لە یەكنزیكی تا ڕادەیەک وەک یەكی لە نێوان زمانی سانسكريتی و زمانی هیندۆئەوروپییەكان . ئەو دۆزینەوەیە مێژوو و ئیتیمۆلۆژی زۆر وشەی دۆزیەوە و زۆربەی توێژەرەكان گەیشتنە ئەو راستیە كە زمانی سانسكريتی سەرچاوەیەكی دێرینی زمانی هیندۆئەورووپییەكان.

گرفتی ئەم لێكۆڵینەوەیە مامەڵە لەگەڵ زمانی مردووی وەک ئاڤێستا و سانسكريتی دەكات ، بۆیە داتاكان لە كتێب بە دەست كەوتوون ، نەک وەک هەوڵی لیۆنارد بلۆمفیلد بۆ دۆزینەوەی سترەكچەری زمانی مردوو لە كەسە زیندووەكان . دیاركردنی سەرچاوەی دێرینی زمانی كوردی ، لە ئاڤێستاوە بۆ سانسكريتی زمانی ریک –ڤیدا ، زۆر هۆكاری بۆ بەستنەوەی كوردی بە سانسكريتی لە پشتەوەیە ، لەوانە هۆكاری زمانەوانی و جیوگرافی.

ئەم لێكۆڵینەوەیە چەند ئامانجێكی هەیە ، لەوانە دۆزینەوەی سەرچاوەی دێرین بۆ زمانی كوردی . دوورخستنەوەی پرسی زمان لە پرسی ئایین ، بە تایبەتی ئایینێک كە هیچ دۆكیومێنتێک نییە كە وەک دەق پەیوەندی بە كوردەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها هایپۆسیس –گریمانە هەن كە پشتئەستور بە ئەزموونی زمانە هیندۆئەورووپییەكان پشتگیری پەیوەندی جینیتیكی نێوان كوردی و سانسكريتی دەكەن ، زۆربەی ئەو ئەزموونانەش لە سەر فەلسەفەی شەک –گومانی ڕینیە دیكارت دامەزراون .

لە كۆتاییدا لە ڕوانگەی توێژینەوە پەیڕەوی سیستەمی هارڤارد بۆ سەرچاوەكان كراوە هەروەها خودی لێكۆڵینەوەكەش لە سەر میتۆدی كوالیتیتەتیڤ Qualitative Method كراوە كە تەنیا لە سەر شرۆڤەی داتا دامەزراوە.

## هیندۆئەوروپی

ماڵباتە زمانێكی مەزنە زۆربەی ئاخێوەكانی لە ئەوروپا و باشووری ئاسیا هەن ، لە نێو ئەم ماڵباتە زمانە ، دوو گروپە زمانی بچووكتر هەن : ئیندۆ-ئاریان و ئێران . واتای ماڵباتە زمان بریتییە لە كۆمەڵە زمانێكی هاوشێوەی ڕێژەیی كە هەموو سەرچاوەیەكی دێرین كۆیان دەكاتەوە.

(كریستال ١٩٩٢، ل١٨٥-١٨٦، هەدسن ٢٠٠٠،ل٤٣٢)

## زمانی سانسكريتی

زمانی سانسكريتی بەشێكە لە لقی ئیندۆ-ئاریانی . سەرەتا بە زمانی ڤیدیكی ، زمانی ریک ڤیدا ، كۆنترین دەقی پیرۆزی هیندۆسی بووە ، دوو جۆری هەیە : یەكەمیان (زمانی سانسكريتی كلاسیک) كە فۆرمێكی ستاندەر بوو لە دوای ناوەڕاستی هەزارەی یەكەم پێش میلاد لە كێشوەری هیندستان ، زمانی هیندۆسەكان بوو ، بەشێكەی تر (پراكریتس) شێوەیەكی لۆكالییە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

واتای ڤیدا ، ناوی کۆنی سانسکریتی ، پاراوە ، پیاوانی هیندۆسی ئەوسا نەیاندەهێشت ئەو پاراویەی ڕێک ڤیدا بە مرۆڤ تێک بچێت هەتا پانینی لە سەدەی پێنجی پێش میلاد شرۆڤەیەکی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆژی ...هتد زمانی ڕێک ڤیدای کرد.
( کریستال ١٩٩٢، ل٣٤٢ ، ماسیوس ٢٠٠٧،ل٣٥٣-٣٥٤ )

## زمانی کوردی

زمانی کوردی وەک زمانی فارسی بەشێکە لە زمانی ئیندۆئیرانی . جیاوازی ئەو دوو زمانە زیاتر جیاوازیەکی جیوگرافییە ، زمانی فارسی لە دەسپێکدا شێوەزاری دەڤەری فارس بووە لە ئێران ، جگە لەوەی زمانێکی باشووری ڕۆژئاوایە لە ئێران هەروەها لە ئەفغانستان ، پاکستان ، تاجیکستان ، گورجستان ...هتد ئاخێوەری هەیە.
زمانی کوردی زمانێکی باکووری ڕۆژئاوایی ئێرانییە. هەروەها ئەم زمانە لەگەڵ زمانی سانسکریتی تەنیا لە ڕووی جیوگرافیەوە لە سانسکریتی جیاوازە ، ئەگەرنا هەردووک لە لقە زمانی ئیندۆئێرانین.
( کریستال ١٩٩٢،ل١٣٤ ، شاکەلی ٢٠١١،ل٨)

## پەیوەندی جینیتیکی زمانە هیندۆئەورووپیەکان

پۆلینی جینیتیکی لە نێو زمانەکانی یەک خێزانە زمان دیاردەیەکی چاوەڕێکراوە . (ماسیوس٢٠٠٧ ، ل١٥٦ ) قسە لە سەر پەیوەندی جینیکی زمانی فەرەنسی و ئیسپانی دەکات ، بەوەی هەردووک جووتە خوشکی دایکە زمانی لاتینیین ." زمان بەوە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن شوناس کە لە زمانی تر ڕێژەیەک جودا بی ، کریستال ١٩٩٢، ل١٥٢ بە نموونەی ناوێکی وەک peter قسە لە سەر پۆلینی هاوشێوەی ڕێژەیی لە ناو گروپی زمانە هیندۆئەورووپییەکان دەکات :




“

دوو فۆرمی سانسکریتی piter و pater لە زۆربەی زمانە هیندۆئەوپییەکان هاوشێوەی ڕێژەیی پێکدەهێنێت . هەدسن ٢٠٠٠ ، ل٤٩٣ پەیوەندی زمانەکان بە فەلسەفەی ڕاشنالیزمی دیکارت دەبینی و دەنووسێت :

“ Rene Descartes 1596-1650 philosophy emphasized the necessity of doubt in acquiring knowledge by introspection , hence formula ‘ I think , ’ therefore I am.

فەلسەفەی ڕێنیە دیکارت جەخت لە سەر پێویستبوونی شەک –گومان دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ئەویش بە هۆی تێڕامان و لە گژفکران ڕاچوون ، هەر لە سەر ئەو بنیاتە هاوکێشەی " من بیردەکەمەوە ، کەواتە من هەم ."

هەر هەدسن لە هەمان لاپەڕەدا پێشبینی ئەوە دەکات کە هەبوونی زمانی دێرین بۆ کۆکردنەوەی دایەلێکتەکان ( زمانی نەتەوەکان ) ، بۆیە دەنووسێت : " ئەندرێس جاگەر (مردوو لە سالی ١٧٣٠) پێشبینی ئەوە دەکات کە زمانی دێرین کاتێک لە شاخی قەوقاز قسەی پێکراوە زمانی دایک بووە بۆ زمانەکانی فارسی ، یۆنانی ، ئیتالی ، سلاڤی ، کەلتیک ، جێرمەنی ...ڕۆژانێک دایەلێکتی ئەو زمانە دێرینە بوونە کەچی ئەمڕۆئاخێوەرانیان تەواو تێک ناگەن ، هەرچەندە کچی ئەو دایکە زمانەن."

ئەم پێکچوونە مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییە لە نێوان زمانە ئەورووپییەکان لەگەڵ سانسکریت سەرەتا لەم دوو ڕێگەوە دەرکەوت :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

أ.مشینەری ، بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە هیندستان
ب.بازرگانی
لە Story of India و Christianity in India باس لەوە دەکەن کە هەر لە ساڵی ٥٢ی میلادی مەسیحییەت لە ڕێگای تۆما ئەپۆسل (تۆما الرسول) و هەڵمەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ هیند هەر لە ساڵی ١٥٠٠ ی میلادی مەسیحییەت لە هیند بڵابۆتەوە . ئەم دوو هۆکارە هەر سنوودار مانەوە ، چونکە ئەو مەسیحییەتەی تۆما بانگەشەی بۆ دەکرد هەر لە نێو خانەوادە خواپێداو نوبلەکان قەتیس بوو ، هەڵمەتی ١٥٠٠ هەڵمەتێکی ئیستعماری بوو نەک تەبشیری و زمانەوانی . (وێست ١٩٨٣ ،ل٢٨ ) دەنووسێت :" بازگانێکی ئیتالی بە ناوی (Filippo Sassetti) لە ڕێگای بزاڤی مشینەری ، بە مەسیحیکردن یا بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت چووە هیند و دەرکی بەوە کرد کە پێچوونێکی زۆر لە نێوان ئیتالی و سانسکریتی هەیە ، وەک

| Italian | Sanskrit | Kurdish |
| --- | --- | --- |
| dio | deva | Dew,dev |
| serpe | sarpa | Mar |
| sette | sapta | Hawt |
| otto | astau | Hasht, asht |
| nava | | No , newe |
| nove “ | | |

وەک دەردەکەوێ جیاوازی لە نێوان سانسکریتی و ئیتالی ، تەنها جیاوازی ڕێنووسی و دەنگیی بوون .
سەدەی هەژدە لە ئەوڕوپا سەدەی هەژاندنی توراس بۆ کەنیسە و سروشت و مرۆڤناسی بوو ،( ڕۆبینسن ١٩٩٧ ،ل١٥٢-١٥٥) دەنووسێت : بزاڤێکی زانستی و مرۆڤناسی لە ئەوروپا بەرپابوو ، بە ئاسانی قەبوولی تەفسیری کەنیسە و هەتا داتاکانی پەیمانی کۆنی نەدەکرد هەروەها ڕەوتێک دەرکەوت بە ناوی ئەنسۆپۆلۆژی –مرۆڤناسی پرسیاری بێ وەڵامی دەوروژاند وەک ، کۆنترین زمان کامەیە؟ خودا بە چ زمانێک قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە؟ ئەو هەموو تەقەڵایە ، کەسانی وەک( کاندیلاک ١٧١٥-١٧٨٠) و ( جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨) و (هێردەر ١٧٤٤-١٨٠٣) هێنا گۆڕەپانەکە و دەرگای فیلۆژی بەراوردیان بەو قسە ناودارە کردەوە : <u>ئەو وشانە و ڕێزمانە ئاڵۆزەی ئێمە لە فەرەنسا بەکاری دەهێنین لە زمانێکی بەرایتر پەرەی سەندووە هەندێ جیاوازی یا گۆرانکاری ڕێزمانی بەخۆوە بینیوە."</u>
لە نزیکە کۆتایی سەدەی هەژدەم بە دروستی لە ١٧٨٦ وەک (وێست ١٩٨٣ ،ل٢٨) ، (ڕۆبینز ١٩٩٧ ، ل١٦٨) ، ( هەدسن ٢٠٠٠ ، ل٤٩٣ ) ، ( یۆل ٢٠٠٦ ، ل١٨٢ ) دەڵێن بە خوێندنەوەی توێژینەوەکەی سێر ویلیەم جۆنز لە ١٧٨٦ لە کۆمەڵگای ئاسیاتیکی لە کالکولاتە بۆمبایەکی زمانەوانی تەقاندۆوە ، کاتێک وتی :"


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

The Sanskrit language , whatever be its Antiquity , is of a wonderful structure , more perfect than the Greek , more copious than the Latin , and more exquisitely refined than either , yet bearing to both of them a stronger affinity.

زمانی سانسكريتی ویڕای دێرینی سترەكچەرێكی سەرنج ڕاكێشی هەیە : زۆر لە زمانی گریكی بێ كێماسی ترە ، زۆر لە زمانی لاتینیش دەوڵەمەندترە ، لە هەردووكان پاراوتر و پاڵاوترە هەروەها لەگەڵ هەردووكان خزمایەتی زیاتری هەیە."

بە جيا پاش ئەو دۆزینەوە زمانەوانییە لە سەر هاوشێوەی ڕێژەیی لە نێوان زمانە ئەوروپییەكان و زمانی سانسكريتی ، گۆرانكاری بەرفرەتر لە نێوان پەيوەندی جينيتيكی و خزمایەتی لە نێوان سانسكريتی و زمانە هيندۆئەوروپييەكان دۆزرايەوە ، بە شێوەيەک سەرچاوەكانی سەرەوە تەنیا دۆزینەوەكەی (سێر ویلیەم جۆنز)ی بە هەند هەڵدەگرت بۆ ئەو پەيوەندييە ، چونكە نامەكەی( فيلۆپۆ ) هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بڵاونەكرابۆوە ،هەرچی زمانەوانی ئینگليز (وێست فرێد ١٩٨٣ ،ل٢٨) و زمانەوانی ئیتالی ( گیولیو لێپساچی ١٩٩٣ ، ل٢١٢ ) بە جيا دەنووسن : " پێش هەوڵەكەی (سێر ویلیەم جۆنز) ، (فيليپۆ ساسێتی) هەر لە قەرنی شازدەهەمەوە ئەو ئەو پێكچوونەی دۆزیەوە ، بەڵام گەر نامەكەی فيلۆپی هەتا ناوەڕاستی قەڕنی نۆزدە بڵاونەكرايەوە ، بەڵام بزاڤی تەبشيری لە هيندستان لای گەڕيدە ئەوروپييەكان ، وەک هێنريک ڕۆس ، ئەبراهام ڕۆگەر ، جێسویت هانخالێدن...هتد بەرهەمی خۆی بوو لە دياركردنی پەيوەندی نێوان سانسكريتی و زمانەكانی ئەوروپا ، ئەو هەموو هەوڵە تەبشيرييە ، لە پاش ساسيتی ، لە سەدەی حەڤدەهەم بوو. لە دوای ئەو دوو هەوڵە تەبشيری و بازرگانییە ، بزاڤێكی فيلۆلۆژی بەراوردكاريی لە ئەوروپا بە تايبەتی ئەلمانيا سەرێهەڵدا . ( ڕۆبینز ١٩٩٧ ، ل١٦٩) دەسپێكی ئەو بزاڤە فيلۆلۆژييە لە ئەلمانيا دەنووسێت :" هەردوو برا (فرێدریش )و (ئۆگست ڤۆن شلێگل) گوزارشتیان لەوە كرد كە هەردووكيان جەختيان لە سەر پێويستبوونی لێكۆڵینەوە سانسكريتييەكان لە زانكۆكانی ئەلمانيا بە گرينگ زانی بۆيە پێويستە گرينگی پێبدرێت ، لە ١٨٠٨ لە پێشەكی كتێبەكەيدا ' Uber die Sprache und Weisheit der Indier

فرێدريش ڤۆن شلێگل هيوا دەخوازێت كە لێكۆڵینەوە سانسكرتييەكان لە ئەلمانيا بوروژێنرێت ..." ئەو خۆشەويستی و وروژاندنە شەكڵی نيشتيمانی وەرگرت . (وێست ١٩٨٣ ، ل٢٩ ) دەنووسێت : بيرۆكەی نيشتيمانی ئەلمانی لە ١٨١٦ بە چاپكردنی كارە زمانەوانيەكەی فرانز بۆپ بە ناوی

On the Conjugational system of the Sanskrit language in Comparison with of Greek , Latin, Persian and the Germanic languages


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سیستەمی گەردانەکردن لە نێوان زمانی سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی و فارسی و زمانەکانی جێرمانی " دەرکەوت . ئەو هەوڵەی( فرانز بۆپ) جگە لەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەی سێر ویلیەم جۆنز لە سەر کاریگەری زمانی سانسکریتی لە سەر زمانەکانی هیندۆئەوروپی پشتڕاسکردەوە ، بیرۆکەی " ژێدەری هاوبەش" هێنایە ئاراوە (رۆبینز ١٩٩٧،ل١٦٤). یاساکانی گریم ١٧٨٥-١٨٦٣ سەرەتای نەخشاندنی وێنەیەکی فۆنەتیکێکی دروستی لە نێوان زمانە ئەوروپییەکان دۆزیەوە ، ئەو یاسایە ئەوە شیدەکاتەوە بۆچی ئەو وشانەی لە لاتینی و گریکی و سانسکریتی بە دەنگی \ پ \ دەستپێدەکەن لە زمانی وەک ئینگلیزی دەبێتە \ ف \ وەک لە وشەی pater – father ...هتد . ( کریستال ١٩٩٢، ل١٦٤ ، هەدسن٢٠٠٠،ل٣٩٦ ، ماسیوس ٢٠٠٧،ل١٦٧). لە نێو کوردانیش دەرک بەو یاسایەی گریم لە بارەی گۆڕان بە سەر پیتەکاندا کراوە ، ئەوەتە (مەلا سالح ٢٠٠٨ ، ل١٦-١٨ ) جگە لەوەی وتەیەکی مەسعود محەمەد لەو بارەیەوە دەهێنێتەوە و چەند نموونەیەک لە گۆڕانی پیت لە کوردی دەهێنێتەوە :" کە دێم وشەیەکی کوردی ئەمڕۆکەمان ڕادەگرم لە بەرامبەر ئاوێنەی مێژووی زمانی ئاڤێستا –گاتەکان بە تایبەتی – و ڤیدای سانسکریتی ، ماوەی سێ هەزار ساڵێکی لێکترازان و نائاشنابوون دەکەوێتە نێوانەوە کە وشەکە تێیدا بە بڕیاری واقیع خشکەی بەملا و بەولادا کردووە و گۆڕاوە و قرتاوە و سواوە." ئەم گۆڕانکارییە دەنگییە لە نێو دایەلێکتەکانی زمانی کوردی هەن ، وەک

لابە لاوە

سابڕێن ساوڕێن

شەڤ شەو

کرن کردن

کن نک

مزگەفت مزگەوت...هتد

(یۆل ٢٠٠٦ ، ل١٨٤) دەنووسێت :" ئەو پێکچوونە هەر تەنیا بیرۆکەی پەیوەندی خێزانە زمانەکانی نەهێناکایەوە ، بەڵکو هاوژێدەریش دەگەیەنێت ."

.

**زمانی سانسکریتی و زمانی کوردی**

هەژموونی نۆستالۆژیا بۆ ڕابردوو و ئایدیۆلۆژیا بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای چەپڕەوی لە سەر شیکردنەوەی دەقە ئایینیەکان دیارە ، بە واتای زەردەشتیەت تەواو کاریگەری بە سەر بیرکردنەوەی توێژەری ناسیونالیزمی کوردی لەم بوارە بەراوردکاریە دیارە . ئەو وەهمە وەیکردووە زۆربەی توێژەری کوردی ئەو بوارە ئەوەندەی گرینگی بە زەردەشتیەت بدەن ، بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەستەم گرینگی بەوە بە زمانی سانسکریتی بدات وەک سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی. با بزانین هیچ بەڵگەیەک هەیە ، توێژەری کورد ئاراستەی لە زمانی ئاڤێستا بۆ زمانی سانسکریتی بگۆڕێت؟ هۆکار هێندە زۆرن بە جۆرێک لە پەیوەندی زمانی هیندۆئەورووپی وەک ئینگلیزی زیاترە .

ناسیونالیست و توێژەری زەردەشتی (جەمال نەبەز ١٩٩٧،ل٨-٩ )دا دەنووسێت :

" گەلێک بەڵگە هەن بۆ ئەوەی کە زەردەشتیەت پەیامبەر و داهێنەری ئاینی مەزدایەسنی لە ناوچەی مادەکاندا (کوردستانی ئەمڕۆ) لە دایکبووبێ و بە زمانی خەڵکی ئەو شوێنەش قسەی کردبێ ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوە نییە کە کتێبی ئاڤێستا بە تەواوەتی بە زمانی مادەکانی ئەو سەردەمە نووسرابێتەوە."

پاش زانینی ئەو هەموو ڕاستیە زمانەوانییە ( شاکەلی ٢٠١١ ، ل٨ ) دەڵێت : زمانی کوردی ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر زمانانی میدی ..." ( بۆرەکەیی ٢٠٠٨ ،ل١٩) لە هیرۆدۆت دەگوازێتەوە :" کە من چووم ئێران ساڵی ٤٥٠ پێش میلاد ، ناوبانگ و شوێنەواری مادەکان لە ناو خەڵکا زۆر کەم بوو بووەوە و خەڵک ڕووداوەکانی پێشوویان لە بیر نەمابوو ." لەمە زیاتر شوێنەوارناس د.دڵشاد زاموا ٢٠١٦ ، ل١٢٢ بە دووری دەزانێت زەردەشتیەت لە حوکمڕانی میدیدا دەرکەوت بووبێت .." شوکر مستەفاش ٢٠٠٦ ، ل٤١ کە ئایینی زۆر لە نێو میدیەکان هەبووە ، لەوانە میتراپەرستی :" نەتەوە ئاریەکان یەک ئایینیان نەبوو ، بەڵکو پێش زەردەشتیەت میتراپەرێس بوون ." بە ڕای بەندە ، هۆی لاوازی و بزربوونی زەردەشتیەت بە تەنها دوای پەنجا ساڵێک بە سەر کەوتنی ئیمپراتۆریەتی میدی ، پەیوەست بووە بەوەی زەردەشتیەت ئایینی خەڵکی عەوام نەبوو ، تەنیا ئایینی کۆشکی میدی بووە بە تایبەتی لە سەردەمەکانی کەیخەسرەو و ئەستیاگدا ، وشە زەردەشتیەکانی وەک ئاهورامەزدا ، ئەهریمەن ، ماجی –مۆغەکان . لەو ڕوانگەوە زۆر دوورە زمانی کوردی لە زمانی مادەکان یا زمانی ئاڤێستا سەرچاوەی گرتبێت ، چونکە نەبەز و بۆرەکەیی و زاموا نکوڵی لەوە دەکەن ، هیچ دۆکیومێنتێک لە بن دەست بێت پێچەوانە ئەمە بسەلمێنێت ، وێڕای ئەو هەموو بەڵگانەش دکتۆر هەورامانی ٢٠٠٨فەرهەنگێکی قەبە ، سێ بەرگی گەورە ، ناو دەنێت " فەرهەنگی ئاریانڤاچ : <u>کوردیی کۆن</u> و کوردیی نوێ ناودەنێت (ل١٥ کوردی کۆن بریتییە لە زمانی پالەویی و ڤێستا ) هەروەها ( شاکەلی ٢٠١١ ، ل٨ ) لە ئەورووپیەکان دەگوازێتەوە بەوەی :" لێ زۆرێک لە شارەزایان و زمانزانە ئەوروپایەکان لەگەڵ ئەوەنین – ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی بگەڕێتەوە سەر زمانی ماد- دوورییەکی کات و زەمەنێک لە نێوان میدی و پارسی و کوردیدا دەبینن ."

(دەیڤید کریستال ١٩٩٢ ، ل١٣٤) باوەڕی وایە سانسکریتی سەیوانی کۆکردنەوەی زمانە هیندۆئەورووپییەکانە ، وەک دەنووسێت :" زمانی کوردی و زمانی سانسکریتی بەشێکەن لە زمانەکانی ئیندۆ-ئیرانی ، کوردی بەشێکە لە ئیرانی و سانسکریتی بەشێکە لە ئیندۆ-ئاریانی ." هەمان ڕاستی (تراسک و بیل ٢٠٠٠ ، ل٩٧) دووبارە دەکەنەوە ، (ماسیوس ٢٠٠٧ ، ل١٩١) جگە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

له دوپاتکردنەوه بەوەی سانسکریتی بەشێکه له زمانەکانی ئیندۆ ئاریانی ، دەڵێت : که مێژووەکەی دەگەڕێتەوه دوو هەزارەی پێش میلاد."

له نێو توێژەرانی کوردیش ، تۆفیق وەهبی وەک توێژەرێکی زمانەوانی ئینگلیزی زان له توێژینەوەیەکی به ئینگلیزی نووسراو ، له ل١٢-١٣ی چاپه کوردیەکه قسه له سەر ئەو پەیوەندیەی نێوان سانسکریتی و کوردی دەنووسێت :" له ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی زایینی ، هەندێ ئەوروپی شارەزایان له بارەی زمانی سانسکریتی له هیند پەیدا کرد و دیتیان ئەو زمانه پەیوەندی نزیکی به زمانەکانی خۆیان و زمانه ئیرانییەکان هەیه... بینچینەی ئەم زمانه ئەوروپییەکان ( واته گریک و لاتینی و هتد) و زمانه ئیرانییەکان ( واته فارسی و ئەفغانی و بەلووچی و کوردی) یەک شت و هەمان شته." ئەمه ڕایه زمانەوانیەکەی تۆفیق وەهبییه ، وەک ڕای زۆربەی توێژه ئەوروپییەکانی سەدەی هەژده و نۆزده له بارەی ئەوەی زمانەکانی ئەوروپی بەوەی یەک دایکه زمانیان هەیه ، ئەویش زمانی سانسکرتییه. ڕای ئایدیۆلۆژی تۆفیق وەهبی له هەمان کتێب پێچەوانەی ڕای تۆفیق وەهبی زمانەوانییه ، له ل٨-٩ چاپی کوردی دەنووسێت :" مینۆرسکی باوەڕی وایه هەر لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ کورد و زمانی کوردی دا ، ئەبێ له سەر بنەڕەتی ماد و زمانی مادی پێک بێ ، منیش (تۆفیق وەهبی ) له سەر ئەو باوەڕەم که کورد و ماد و زمانی کوردی له سەر بنجی ماد و زمانی ماد ڕواوه و گۆڕاوه." زمانەکانی ئەوروپا شوناس و ئیتیمۆلۆژی دۆزیەوه ، به دیدێکی تەواو زمانەوانی دەڵێن : " ئەم وشەیه بنەچەکەی لاتینی یا گریکییه ، ئەو دووەش سەرچاوەکەیان سانسکرتییه."

(محەمەد ئەمین هەورامانی ١٩٧٣،ل١٤ )دەنووسێت : له دەوروبەری چەرخی هەژدەهەمدا سێر ویلیەم جۆنز توانی پەیوەندی میانەی زمانی سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی دەرخات ." ئەویش له ل٣١ له ژێر کاریگەری مینۆرسکی زمانی کوردی دەباتەوه سەر مادەکان.

حەکیم مەلا صالح ٢٠٠٨ کتێبێک به ناوی سانسکریتی سەرچاوەی دێرینی زمانی کوردی ، سیمیۆلۆژی ناونیشانی کتێبەکه بۆنی ئەوەی لێدێت یەکەم توێژەری کورد بێت باسی پەیوەندی و نزیکایەتی سانسکریتی و کوردی بکات ، له ل٥-٦ له بارەی ئەو نزیکایەتییه دەنووسێت:" زمانی کوردی پەیوەندی به سانسکریتیەوه هەیه ، بۆیه دەبینین له بەراوردکردنی هەردوو زمانەکەدا گەلێ وشەمان هەیه که لەیەک ڕیشەن و وشەکان تا ئێستە به هەندێ گۆڕانەوه لەناو زمانی ئەمرۆماندا ماونەتەوه و ڕەسەنەتی خۆیان پاراستووه ."

نزیکی زمانی سانسکریتی له ئاڤێستایی وا مەلا سالح دەکات له ل٢٢ بڵێت :" له خوێندنەوەی ئەم فەرهەنگەدا هەست به گەلێ نزیک بوونەوەی نێوان ئەو دوو زمانه کۆنه دەکرێ و هەندێ وا دەزانرێ که دوو زاراوەی یەک زمانن."

ناونیشانی کتێبەکەی مەلا سالح " سانسکریتی سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی " و ئەو ڕستەی سەرەوه بڕیاری زمانەوانین ، بەڵام له ل٢٤ بڕیارێکی ئایدیۆلۆژی دەدات .

(مەلا سالح –یش٢٠٠٨ ، ل٢٤ ) له بڕیاردان به دەردی (تۆفیق وەهبی ١٩٧٥ ، ل٨-٩) و (هەورامانی ١٩٧٣ ، ل١٤ ) چووه ئەوەته له ل٢٤ ی کتێبەکەی به پێچەوانەی ناونیشانی

کتێبەکەی و ل٢٢ ی کتێبەکە دەنووسێت :" لە ناو خشتەکەدا هەست بە نزیکایەتی تەواوی زمانی ئەمڕۆی کوردی و ئاڤێستایی دەکرێت و لە سانسکریتیەکەوە دوورە." نازانم سانسکریتی چۆن دوورە لە زمانی کوردی لە لایەک سەرچاوەی دێرینی زمانی کوردی بێت و لەگەڵ زمانی ئاڤێستا وەک دوو زاری زمانێک بن ، دەکرێ لە فەزای زمانەوانیەوە سانسکریتی و ئاڤێستایی ئەوەندە لە یەک نزیک بن لە لێکسیکۆن و جیوگرافیا ، کوردی ئەمرۆ لە ئاوێستایی نزیک بن لە سانسکریتی دوور بن؟؟

گومان لەوەدا نییە سانسکریتی و کوردی لە هەمان خێزانە زمان دان هەروەها گومان لەوەشدا نییە ، زمانی عەرەبی و سانسکریتی لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن کەچی چەندان فەرهەنگ – قاموس عەرەبی –عەرەبی ، عەرەبی –ئینگلیزی هەن نەک ئاماژە بە هەندێ وشەی سانسکریتی لە زمانی عەرەبی دەکەن . ئەمەو هەر ئەوانە گریمانی ئەوە دەکەن ، کە سەرچاوەی دێرینی بەشێک لە وشەی زمانی عەرەبییە ( قاموس المحيط و قاموس المعاني ).

**زمانەکانی ئەوروپا یا زمانی کوردی نزیکترە لە سانسکریتی؟**

زمانی کوردی و زمانی سانسکریتی خووشکە زمانی ئیندۆ-ئێرانیین کەچی ئەو پەیوەندیە جینیتیکییە لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانی هیندۆئەوروپییەکان ئەوها نزیک نییە وەک لە نەخشەکەی دەیڤید کریستال و جۆرج یۆل دیارە. هەروەها لە رووی جیوگرافیەوە زمانی کوردی زۆر نزیکترە لە سانسکریتی ، ئەوەتە ( هەدسن ٢٠٠٠، ل٤٩٣ ) دەنووسێت : شاخی قەوقاس ناوەندی کۆکەرەوەی زمانەکانی کچی زمانی سانسکریتی بوو ، بە پێچەوانەوە یاکوب گریم دەڵێت : زمانی سانسکریتی لە ڕووی جیوگرافیەوە زۆر دوورە لە زمانی هیندۆئەوروپیەکان. هەربە پێی پۆلێنەکەی دەیڤد کریستال زمانی کوردی و زمانی سانسکریتی لە یەک کێشوەرن ، بەڵام سانسکریت و ماڵباتی زمانە ئەوروپییەکان لە دوو کێشوەرن، ئەوروپا و ئاسیا . ( مەلا ساڵح ٢٠٠٨ ، ل٦) دەربارەی هۆکاری نزیکی و خزمایەتی نێوان زمانی سانسکریتی و زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی دەنووسێت : " خزمایەتیەکی نزیک لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانی ئاڤێستایی و پەهلەویدا هەیە ، چونکە ئەم سێ زمانە هەم بە جوگرافیا لێک نزیک بوونە هەم لە ژێر سەیوانی هیندۆ-ئەوروپیدا کۆدەبنەوە."

جیوگرافیا هەر دەوری لە دروستکردنی زمانەکانی یەک خێزانە زمان نییە ، بەڵکو دەوریشی هەیە لە پەرتککردنی دایەلێکتەکانی یەک زمان.( دکتۆر خورشید ١٩٨٣ ، ل١٨ )ی چاپی ئینگلیزی زمانی کوردی و دابەشکردنی جیوگرافی دایەلێکتەکان دەنووسێت :" ڕێگە ی عاصێ و شاخی بەرز و سەقای کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆتە هۆی دروستبوونی جۆرەها


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دایەلێکت لە زمانی کوردی ." جیوگرافیا وەیکردووە بە زەحمەت ئاخێوی ئەو دایەلێکتانە لە یەکتر بگەن وەک ئاخێوی گۆران و بادینی ....هتد

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین ، لەوانە
١.پەیوەندی زمانەکانی یەک خێزانە زمان چاوەڕێکراوە ، چونکە دەرکەوتووە ئەم هەموو زمانە ڕۆژانێک لە یەک دایکە زمان وەپاش کەوتوون ، کەواتە زمانەکانی یەک خێزانە زمان خوشکی یەکترن.
٢.دۆزینەوەی ئەو پێکچوونە لە نێوان سانسکریتی و ئیندۆ ئەوروپییەکانی تر سەرەتا لە ڕێگای میشینەری و بازرگانی بووە  هەتا هەڵمەتی کۆلیانیالی لە سەدەی شازدەدا .
٣.جیوگرافیا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دروست کردنی یاسای گریم ، بەوەی گۆڕانکاری دەنگیی لە نێوان زمانە هیندۆئەوروپییەکان ، ئەو دیاردەیە لە نێوان کوردی –فارسی ، کوردی – پاکستانی ، کوردی–ئەفغانی هەتا کوردی –کوردی .
٤.کوردی و سانسکریتی لە یەک خێزانە زمانن هەروەها هەردووک لە دوو لقی ئێرانی وئیندۆ ئاریانیین.
٥.جگە لە هاوبەشی ڕێژەیی لە بواری لێکسیکۆن هەروەها جیوگرافیا لە نێوان سانسکریتی و کوردی زۆر نزیکترە لە نێوان سانسکریتی و ئەلمانی و ئینگلیزی...هتد.
٦.هەژموونی ئایدیالۆژیا و نۆستالیژیا بۆ ئاڤێستا وەیکردووە ئەوانەی باسی پەیوەندی جینیتیکی و لە یەکنزیکی لێکسیکۆنی و جیوگرافیاوە لە نێوان سانسکریتی و کوردیان کردووە ، لە کۆتایی بڕیاری ئایدیۆلۆژیا بە سەر بڕیاری زمانەوانیان زاڵ ببێت .

## پاشکۆ

پاشکۆی یەکەم ، ماڵباتە هیندۆئەوروپییەکان ، سانسکریت ، زمانی کوردی





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)


PROTO
INDO-EUROPEAN
INDO-IRANIAN
IRANIAN
Ossetic
Kurdish
Persian
Baluchi
Pashto
Tadihik
INDO-
ARYAN
(Sanskrit)
North
-west
Panjabi
Lahnda
Sindhi
Pahari
Dardic
East
Assamese
Bengali
Oriya
West and
South-west
Gujarati
Marathi
Konkani
Maldivian
Sinhalese
Midland
Rajasthani
Bihari
Hindu/Urdu
GOIDELIC
Scots Gaelic
Manx Gaelic
Irish Gaelic
BRYTHONIC
Cumbrian
Welsh
Cornish
Breton
(Insular)
CELTIC
(Continental)
Celtiberian
Gaulish
Galatian
GERMANIC
West
English
Frisian
Flemish
Dutch
Afrikaans
German
Yiddish
East
Gothic
North
Icelandic
Faeroese
Norwegian
Danish
Swedish
TOCHARIAN
ARMENIAN
ANATOLIAN
ALBANIAN
GREEK
ITALIC
(Latin)
Rhaetian
Sardinian
Romanian
Italian
French
Occitan
Catalan
Spanish
Portuguese
BALTO-
SLAVIC
BALTIC
Lithuanian
Latvian
SLAVIC
West
Lekhitic
Czech
Slovak
Sorbian
East
Belorussia
Russian
Ukranian
South
Bulgarian
Macedonian
Serbo-Croat(ian)
Slovene

( کریستال ١٩٩٢ ، ل١٣٤ ، یۆل ٢٠٠٦،ل١٨٣ )

**پاشکۆی دووەم ، لە یەک نزیکیی وشەکانی سانسکریتی و کوردی**

| سانسکریت | کوردی |
|---|---|
| ماتەر | مادەر |
| بهراتەر | برادەر |
| ستار | ئەستێرە ، ستێر |
| دیڤا | دیڤ |
| ئەشتوا | ئەشت ، هەشت |
| ناڤا | نەه ، نۆ |
| پێس | پێ |
| چوکرە | سوکرە ، سۆر |
| دەروازە | دەروازە |
| دووە | دوو |
| ئازەڤ | ئارەزوو |
| ئاپوڤەنت | ئاڤەنت ، ئاوەدانی |
| ئاروز | ئەروز ، ڕۆز |
| ژنی | ژن |
| دەغە | داغ |
| دیڤە | دێو، دیڤ |
| سەرە | سەر |
| پادە | پیادە |
| پاد | پا ، پێ |
| بوومی | بووم ، زەوی |
| ئۆپری | ئەوپەڕ...هتد |

**پاشکۆی سێیەم ، لێکدانەوەی جیاواز بۆ وشەکانی ئاڤێستا**

تەنیا لە سێ فەرهەنگی ئاڤێستایی –کوردی ، وشە ئاڤێستاییەکان یان بە هەڵە ماناکراون یان ڕێنووسی جودایە یا فۆنەتیکیان جودایە

ئاپ : خۆشحالی ، ل١٨٠ ئاوەکان ، مەلا سالّح ، ل٣٠ ئاو ، ئاوس ، د.هەورامی ٢٠٠٨ ، ئاو : ئاوگێری دینی . ئایا جیاوازی ئەو مانا جیاوازیانە بۆ وشەی " ئاو " یەک بە واتای ئاوی دەریاکان ، یەکیتر بە واتای ئاوی پیاو ، سپێرم ، ئەوی تر بە واتای ساقی لێکیداوەتەوە ، لەوە زیاتر هەموو لەگەڵ ئاب ی فارسی یەک نین؟

- ئازاتە : خۆشحاڵی ، ل١٨٢ ئاریازادە ، ڕەسەن ، مەلا سالّح ، ل٢٢ ئازاد، هەورامانی ، ل١٤٦ ئازادی
- ئەستا : خۆشحاڵی ، ل١٨٥ نەفرین لێکردن ،زەوی چێنراو ، مەلا سالّح ، ل٢٣ ئاسۆ، هەورامانی ، ل ١٠٥ وەستان ، ئامادە
- ئوشترە : خۆشحاڵی ، ل١٩٠ حوشتری نێر مانای حوشترە ، حوشتری مێ وشتر ە ، مەلا سالّح ، ل٣٤ جیاوازی لە نێوان حوشتر و هوشتر و وشتر ناکات
- پادهە : خۆشحاڵی ، ل١٩٦-١٩٧ پێ ، پا ، مەلا سالّح ، ل٥٤ پاذە ، قاچ ، لاق
- پاشنە : خۆشحاڵی ، ل١٩٧ پاژنە ، مەلا سالّح ، ل٥٦ پارشنی : پاژنو ...


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Abstract
The existence of the Indo-European family means co-relation and closeness . That co-relation returns to the missionaries in the sixteenth century and European trades in India. If only lexicon , linguistic factor is behind that discovery between the Sanskrit language and European languages , regarding Kurdish, beside linguistic factor , geographical factor is another additional factor. The Europeans have arrived to the truth that , though geographical remote the Sanskrit language is the proto language of Indo-European languages .

Although some Kurdish linguists on the linguistic base have arrived to the same European result that Sanskrit is the proto language of Kurdish language through lexicons and geography ; the hegemony of Ideology and ancient religion sick misled them to declare that Sanskrit is the proto language of the Kurdish language.

This paper, based on the philosophy of Descartes and Europeans' attempts, has arrived to the following result that how the Europeans recognized Sanskrit as a proto language of their languages , it is the proto language of Kurdish , too.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

الخلاصة

وجود عائلة الهندو أوروبية يعني العلاقة المشتركة والقرب اللغوي . يعود هذا الارتباط إلى المبشرين في القرن السادس عشر والتجارة الأوروبية في الهند. إذا كان المعجم , العامل اللغوي , هو العامل الوحيد الذي يقف وراء هذا الاكتشاف بين اللغة السنسكريتية واللغات الأوروبية ، فيما يتعلق بالكردية ، إلى جانب العامل اللغوي ، فإن العامل الجغرافي هو عامل إضافي آخر للهذه الارتباط . لقد توصل الأوروبيون إلى حقيقة أنه على الرغم من أن اللغة السنسكريتية النائية جغرافياً فهي لغة الام لغات الأوروبية الهندية.

على الرغم من أن بعض اللغويين الأكراد بالأسناد على العامل اللغوي قد وصلوا إلى نفس النتيجة الأوروبية ، فإن اللغة السنسكريتية هي اللغة البدائية للغة الكردية من خلال المعاجم والجغرافيا ولكن هيمنة الايديولوجيا و الحنين الى الدين القديم ضللهم ليعلنوا أن اللغة السنسكريتية هي اللغة البدائية للغة الكردية.

وقد توصلت هذه الدراسة ، المستندة إلى فلسفة ديكارت ومحاولات الأوروبيين اللغوية ، إلى النتيجة التالية التي مفادها أن الأوروبيين يعترفون باللغة السنسكريتية باعتبارها لغة أولية للغاتهم ، على الكورد ان يعترفوا على الاساس اللغوي و العائلة اللغوية ان اللغة السانكريتية هي اللغة البدائية للكردية أيضا ...


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

### أ.سەرچاوە ئینگلیزیەکان

-Matthews, p.H. 2007 The Concise Dictionary of Linguistics .2nd edition .Oxford : Oxford university press.
-Crystal , D. 1992 An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages . London : Blackwell.
-Hudson , G.2000 Essential Introductory Linguistics. Oxford : Blackwell.
-Lepschy, G . 1998 History of Linguistics .London : longman.
-Khurshid , F.H.1983 Kurdish Language and Geographical distribution of its dialects. Tr.Kathim Sa'adedin . Baghdad : Ishbeelia press.
-Trask, R.L. and Maybilin, B.2000 Introducing Linguistics. London.
-Yule , G.2006 The Study of Language.3rd edition. Cambridge: Cambridge University press .
-West ,F. 1975 The Way of Language . London : Harcourt College Pub.
-سەرچاوە کوردییەکان
-بۆرەکەیی ، صدیق ٢٠٠٨ مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی یەکەم . هەولێر : ئاراس.
-زاموا ، دڵشاد " دەرکەوتنی ئایینی زەردەشت و قەتڵوعامی باپیرانی کورد" . گۆڤاری خاڵ ، ١( ٣).
- شاکەلی ، ئەمجەد ٢٠١١ زمانی کوردی ناسنامە و نیشتمانی کوردە. سلیمانی : شڤان.
-خۆشحاڵی ، بێهزاد ٢٠٠٨ فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان.دهۆک: خانی.
--مەلا ساڵح ، حەکیم ٢٠٠٨ سانسکریتی سەرچاوەیەکی دێرینی زمانی کوردی .سلێمانی : سەردەم .
-مستەفا ، شوکر ٢٠٠٦ سەرچاوەکانی بیر و باوەڕی کوردستان . هەولێر : رۆشنبیری.
-ناوخۆش ،سەلام ٢٠١٦ زمانەوانی لە پانینی بۆ چۆمسکی . هەولێر : ڕۆژهەلات.
-نەبەز ، جەمال ١٩٩٧ کوردانی بێدەسەلات ...هەولێر : رۆشنبیری.
-هەورامانی ، محەمەد ئەمین ١٩٧٣ سەرەتاییک لە مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی . بەغداد : مەعاریف.
-هەورامانی ٢٠٠٨ فەرهەنگی ئاریانڤاج . هەولێر : رۆشنبیری.
-وەهبی ، تۆفیق ١٩٦١ بنەچەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی ، وەرگێرانی فەیزی لە ١٩٧٥ و د.عەزیز گەردی لە ٢٠١٠ . سلێمانی : سەردەم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)